# یۆرگن هابرماس
# فەیلەسوفی پۆست مارکسیزم

**نوسینی: جان لچت**

**و. لەفارسییەوە: ئەکرەم میهرداد**

هابرماس، ناودارترین فەیلەسوفی نەوەی دووەمی قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرتە. ئەو لەساڵی ١٩٢٩ لەدۆسلدۆرف (ئەڵمانیا) هاتۆتە دنیاوە، نامەی دکتۆراکەی، کە لەساڵی ١٩٥٤ بڵاوکرایەوە، دەربارەی ناکۆکی نێوان (کاری ڕەهاو مێژوو) لەبیری شلینگدا نوسی. لەساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٩ یارمەتیدەری "ئادۆرنۆ" بوو لەفرانکفۆرت، پاشان دەبێتە مامۆستای فەلسەفەو بەڕێوەبەری دەزگای (کاکس پلانك) لەشتاربۆرگ.

هابرماس وەکو ئەندامانی دیکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەسەختی دەکەوێتە ژێرکاریگەری نوسینەکانی هیگڵو مارکس. بەڵام، بەپێچەوانەی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر، تیۆری بەهای مارکسو بەدبینی فەرهەنگی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕەتدەکاتەوە. هابرماس، هەروەکو ماکس ڤێبەر، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەوەی یەکەمی فرانکفۆرت "عەقلانیەتی سیستەم"و "عەقلانیەتی چالاکی" تێکەڵدەکەن، تێکەڵکردنێك کەتەریبە لەگەڵ "جودایی سیستەمو جیهانی ژیان""[1] . هابرماس دەڵێت ئەنجامی ئەم تێکەڵکردنە، حاکمکردنی سیستەمە(بۆ نمونە ئابوری) بەسەر هەموو کۆمەڵداو بەزیانی شتێك تەواو دەبێت، کەئەو هەروەکو هۆسرلو شۆتز، پێیدەڵێت "جیهانی ژیان"، کەدەبێتە ژینگەی چالاکی تاکی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی دیکەوە، نوسینەکانی هابرماسیش، هەروەکو نوسینەکانی پێشوی فرانکفۆرت، مۆری کاریگەری بەهێزی هیگڵی پێوەدیارە. لەم بارەیەوە، ئەو وانە، وتارەکانی دەربارەی مۆدێرنیتی کە لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠ دەستیپێکرد، ئەو خاڵەی ڕاگەیاند کەلەدیدی فەلسەفیەوە بڕوای بەوەیە کە"هیگڵ یەکەمین فەیلەسوفە کەچەمکێکی ڕۆشنی دەربارەی مۆدێرنێتی هێنایە گۆڕێ""[2] . ئەگەرچی ئەو باوەڕەیان لەنوسینەکانی بیریارانی وەکو باتای، درێداو فۆکۆدا دەردەکەوێت، ئەو بیریارانەی کەنوسینەکانیان تیۆری کۆمەڵایەتیو مارکس چارەنوسساز دەکەن- بەڵام ئەم تیۆرمەندی "کرداری پەیوەندیدار"ە، وفاداری خۆی بۆ سوننەتێك نیشاندەدات کەئەو نادروستی زاراوەی "ڕەخنەی رادیکاڵی عەقڵ" دەربخاتو بەم بۆنەیەوە هەمیشە لەلایەن بیریارانی "پۆستمۆدێرن"ەوە بەڕێزەوە باسدەکرێت.

لایەنی دیارو ئاشکرای نوسینەکانی هابرماس لەدەیەی ١٩٦٠دا، دژی پۆزەتیڤیزمی کارو تیۆرەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئەو بەتایبەتی پۆزەتیڤیزمی (اثبات گەرایی) نوسینەکانی دوایی مارکس ڕەتدەکاتەوەو، تێدەکۆشێ بەهۆی نوسینەکانی مارکسی لاوەوە، کەلایەنی هێرمۆنتیکی تێدایە، ئەم بۆچونانە بکاتە ڕەخنەیەکی کاریگەر لەدەرونی کۆمەڵی سەرمایەدار. ئەم ڕەخنەیە، ئەم لایەنانەی خوارەوەی تێدابوو. یەکەم، لەمەودوا زانستو چەند لایەنێکی فەلسەفە، ڕۆڵێکی هەستاریان لەدیاریکردنی بەهای ئەو ئەمانجانەدا نابێ کەخۆیان بانگەوازیدەکەنو لەجیاتی ئەوان (زانستو فەلسەفە) خەریکدەبێت بە بەکارهێنانی عەقلانیەتی (ئامێری) یان (ئامانجدار)ی ماکس فیبەر. پاشان، زانست خزمەت بەعەقلانیەتی تەکنیکی یان (هونەری) دەکات، کەخودی سەرمایەداری توانا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی چەندین شێوەی جیاوازو ئاڵۆزی کاڵاو سەرەنجام جەنگە تونو تیژەکانی بەرەوپێشدەبات، بەڵام ناتوانێت ڕەواییەکی باشتر بۆ خودی سیستەمی سەرمایەداری پەیدابکات. بەکورتی، مامەڵەی هونەریو پۆزەتیفیستی بۆ زانست دەبێتە کارێکی ئیدیۆلۆژیك؛ چونکە ئەم مامەڵەیە، پێکهێنەری هێرمۆنتیکی زانستو ئەو ڕەوشەی کە لەچالاکیدا دەردەکەوێت، قبوڵناکات. بەمشێوەیە، هابرماس دەگاتە ئەو باوەڕەی، کەلەجیاتی ئەوەی زانستو عەقلانیەتی سەردەمی سەرمایەداری خزمەتی مرۆڤبکات، ئەوان لەدژی لایەنە ئازادەکانی ژیانی فەرهەنگیو بەدی هێنەری شێوە بیمارەکانی کۆمەڵ دادەنێت. بۆ **وەڵامدانەوەی** ئەم شێوە نەرێیە (Negative) لەزانستی پۆزەتیفیستیو هەوڵدان بۆ گۆڕینی بەچالاکی ئازادیبەخش کە لەگەڵ ریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا پەیوەندی هەبێت، بونی تیۆری ڕەخنەگرانە دەبێتە کارێکی پێویست.

بەپێچەوانەی بەدبینیی لێکدانەوەکانی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر، سەبارەت بەعەقڵ لەکتێبی"دیالەکتیکی ڕۆشنگەری" هابرماس هەوڵدەدات کەئاڕاستەی هێرشی خۆی لەدژی ئەم مامەڵە نەرێیە بخاتەڕێو لەپێناوی "بەئەنجامگەیاندنی پێشنیاری مۆدێرنیتی" کە بەهۆی ڕۆشنگەرییەوە دەسپێدەکات، بەردەوام دەبێت. ئەم ئامانجە دەتوانێت ببێـە ڕەخنەش لەدیدگای "ئامێرگەرایی" زانست، کە بەسەر سەرمایەداری دوای جەنگی دوەمدا زاڵە.

ئامانجی نوسینەکانی پێشوی هابرماس نیشاندانی ئەو خاڵەبوو کەدەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمی مانەوەی سەرمایەدارىو خزمەتگوزاری ئەو رژێمە بوو. لەیەکێك لەساڵانی دەیەی ١٩٧٠، هابرماس لەئەنجامی کاری هەندێك لەئابوریناسان- گوتی دەوڵەت نایەوێت خەڵك لەدەستی کارەساتە خراپەکانی ئاستەنگی ئابوری سەرمایەداری رزگار بکات، چونکە توانای ئەو لەکۆکردنەوەی دەرامەتی پێویست بۆ پشتیوانی بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی، سنورادرە. بەدیدی هابرماس، ئەم کارە بەمانای کەمکردنەوەی ڕەوایی دەوڵەت دێت. چونکە هەرچی دەوڵەت کەم توانا تربێت لەپاراستنی خەڵك لەچنگی ئاستەنگی ئابوری، هەر بەورادەیە ڕەوایی ئەو کەمتر گەرەنتی دەکرێت.

هابرماس، لەراستای سوننەتی ئایدیالیستی ئەڵمانیدا، نوسینەکانی مارکس بۆ بەدیهێنانی جۆرێك لەستراتیژی رەخنەیی بەکاردەهێنێت. ئەم کارە بەشێوەیەك دەکات کەبتوانێت ئامانجێکی رزگاریبەخشی هەبێت. لەکاتێکدا مارکس دڵنیایە لەرۆڵی خۆسازدەری کاری پراکتیکی، هابرماس بەپشتیوانی هیگڵ، کار وەکو جۆرێك لەرەخنە دادەنێت- رەخنەیەك کەئامانجی تایبەتی هەیە بۆ دژایەتی هێزی بیٚ هۆشکەری عەقڵئامێری، لەگەڵ نیشاندانی دەسکەوتە کردەییەکانی سوننەتی هێرمۆنتیکی ئاڵمان- هابرماس، فرۆیدیش لەگەڵ ئەواندا دادەنێت- لەشێوەکانی رواڵەتیی (نمادین) چالاکی بەرامبەر، زیاتر لەوەی مارکس چاوی لێدەکرد، ئەم رەخنەو شێوانە دەتوانن شوێنی دڵنیایی کارکردن بن.

هەر بۆ هەمان مەبەست، لەسەرەتای دەیەی ١٩٧٠، هابرماس سەرەتای فۆرمۆلبەندی توخمەکانی تیۆری دەربارەی زمان، پەیوەندیو تەکامولی کۆمەڵ باسدەکات، کەئامانجی بەدیهێنانی چوارچێوەیەکی ئاساییە کە لەوێدا جۆرێك دڵخوازی بۆ ئازادی تیادەبینرێت. ئەم کارەی بەنوسینی چەند بەرگێك لەکتێبی "تیۆری کرداری پەیوەندیدار" بەئەنجامگەیاند، کەپاشان ساڵی ١٩٨١ چاپکرا. لەم کارەدا دەتوانێت ئەوە ببینین هابرماس لەهەمانکاتدا کەهۆکاری ئازادی لەبەرهەمەکانی مارکسدا فەرامۆشناکات، بەڵام ئارەزوی ئەوە ناکات کەسود لەهۆکاری شۆڕشگێڕ یان پۆزە تیڤیسیت بۆ گەیشتن بەئازادی پەسەند بکات. هابرماس بڕوای بەوە هێنا کەسەرمایەداری کۆمەڵگەی چینایەتی کردۆتە ئامانجی خۆیو، عەقلانیەتی دیوانسالار (بیروکراتیك) یان ئامانجدار بەردەوام دەیەوێت کەژیانی خەڵك زیاتر کۆنترۆڵ بکات، رادەگەیەنیٚ کە"ئاگایی ئەم رژێمە خودکارە ئەندامانی پابەند بوو لەم فەرمانانەدا نابینێت"[٣] . لەم رژێمەدا، کۆمەڵی سەرمایەداری هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە کەنابێت "جیهانی ژیان" واتە جیهانی عەقلانیو کرداری پەیوەندیدار یەکسان بن. تەوەرێکی دیکەی بەرهەمەکانی هابرماس، شیکردنەوەی بونیادەکانی جیهانی ژیانە (بەتایبەتی زمانو کرداری پەیوەندیدارو، ئاگایی ئەخلاقی). کۆڵەکەی جیهانی ژیان دڵخوازییە بۆ ئازادی؛ تەنها کاری شێوێنراوی عەقڵو زمان دەرکی ئەم کارە دژوارە دەکات. (واتە کاتێك کەزمانو عەقڵ لەدۆخی ئامێریو ئامانجدارەوە بەرەو دۆخی پەیوەندیو خوێندنەوەی ئەوانی دیکە دەڕۆن. —و.ك-). لەراستیدا، بونیادی ژیانی کۆمەڵایەتی(هەر بەو شێوەیەش مرۆڤایەتی) ئازادییە. هەر بەم پێیە، ئەرکی ئێمە بەرهەمهێنانی تیۆرێکە کەرۆشنکردنەوەی جیهانی ئازادی ئاسانتر بکات.

هابرماس لەسەرەتای دەیەی ١٩٨٠، باسی چەمکی جیهانی ژیان بەپشتیوانی ئەمیل دۆرکهایمو کۆمەڵناسی دیاردەناس (میدۆ شۆتز) دەستپێکرد. بەدیدی شۆتز جیهانی ژیان، جیهانی ژیانی رۆژانەو چوارچێوەی تەواوی ئەزمونی تاكو بەرئەنجامی ئەزمونەکانی پێشووە، جێگایەکە دەتوانێت ژیاننامە دیاریبکاتو تاك بیەوێت یان نا، بەردەوام بەرەو نزمبونەوە دەچێت. "جیهان بەڵگەیەکی پێشنیازکراوە" کە لەوێدا تاکەکان تێدەکۆشن ئامانجە کردەییەکانیان بەدیبهێنن. بەدیدی هابرماس، جیهانی ژیان، ئاسۆیەکە لەهۆشیاری لەهەردو بواری گشتیو تایبەتیدا، مەیدانی شکڵگیری ناسنامەو کرداری پەیوەندیدارە. مەبەستی هابرماس لەچالاکی پەیوەندیدار، کارێکە کە"بەرهەندی هاویاری لەشیکردنەوە پشتدەبەستێت، کەبەشداران هاوکات لەجیهانی بابەتی، کۆمەڵایەتیو هۆشیاریدا پەیوەندی پەیدادەکەن، تەنانەت ئەوکارەش کە لەوتاری تەنها خودێکدا دەردەکەوێت دڵنیایی لەناوەڕۆکی یەکێك لەم سیٚ پێکهێنەرە(بابەتی، کۆمەڵایەتی، هۆشیاری) دەکاتەوە "[٤].

بەبڕوای هابرماس، گرنگترین لایەنی تەواوکەری چالاکی جیهانی ژیان، پەیوەندییە. چونکە لێرەدا کاریگەری وتاری تاکەکان ئامانجدارەو بەڕەسمی دەناسرێت. بەهەمان شێوەش دەتوانرێت هەر لەپەیوەندیدا بونیادی تەواوی جیهانی ژیان چاکتر بکرێت. ئەم چاککردنەوەیە دەتوانێت لەرژێمی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری زیاتری بەرامبەرەکان لەسەر یەکتری فراوان بکاتو، هەر بەو پێیەش رێگە لەگەشەی عەقلانیەتی ئامێری بگرێت، کەدابڕاوە لەپەیوەندی.

هابرماس، هاوڕیٚ لەگەل لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی جیهانی ژیان لەتیۆری تالکۆت پارسۆنزدا سەبارەت بەکۆمەڵگە وەکو رژێمێکی کۆمەڵایەتی، دەستی راگەیشت بەبیروڕای تیۆری دەربارەی تەکامولی کۆمەڵو تاك لەو رژێمەدا، بەتایبەتی خۆنواندنی ئەوان لەسنوری مەبەستو شێوە تایبەتیەکانی نمادین (رواڵەت)دا. هابرماس بەپشتیوانی کاری کۆلبرگو پیاژە بۆ پەیداکردنی تیۆرێك دەربارەی توانای ئاکاری (ئەخلاقی)و کاری چۆمسکی بۆ دانانی تیۆری توانای زمانی، تێدەکۆشیٚ تا ئەوە پیشانبدات کەدەبێت توخمی بەهانەیی (هنجاری)و، هەروەها توخمی تەواو ئامێری بۆ بەدیهێنانی نیازەکان، بەسەر چالاکی بەرامبەری مرۆڤدا حاکم دەبێت. بەبڕوای هابرماس، ئەوانەی کەوەکو ڤێبەر دەڵێن تەنها زانستی ئامانجدارو تەکنیکی لەچالاکیدا بونی هەیەو، پرسەکانی ئەخلاقو تیگەیشتنی راستی پەیوەندییان بەخودی تەنهای کەسەکانەوە هەیە، هەڵەیان دەکرد. مەبەستو بەهانەکان دەبیت بگۆڕین بەبری رەخنەگری ئاشکرا، هەتا ئەگەر تەنها ئەو بەلگە بزانین کەجیاوازی نیوان "هونەریو ئامیری"و بەهانەکانی خود بشگۆڕین بۆ جیاوازییەکی پیشین، بەڵام لەئاکامدا دەبیت لەوە تیبگەین کەدەبیتە جیاوازی نیوان بەهانەکان یان مەبەستەکان. بەو پییە، خودی پەیوەندی روالەتی تەکنیکی (هونەری) یان ئامیریی، ناتوانیت ئیلهام لەپەیوەندی پرنسیپە گشتیەکان وەربگریتو لەئەخلاق (واتە پەیوەندی نیوان هۆشەکانو بکەرەکان. و.ك) جیابکریتەوە.

لەئەنجامدا، ناسین نیازە سەرەکیەکانی مرۆڤ بەگرنگو دیاریکەر دەزانیت، هەمانشیوەی کەسروشت پەیوەندی ئازادو نەشیواو رۆشندەکاتەوە. هابرماس، کەهەمیشە لەهەولی پەیداکردنی تایبەتمەندییەکانی ناوەرۆکی رەوشی کۆمەڵایەتییەو هەمان ئەو کارە پەیوەندی ئەو بەلایەنەکانی بەهانەیی کۆمەڵ بەهیزدەکات. دەبیت ئەوە بزانین کەمانای سروشتی زمان بەناونیشانی (هۆکاری) پەیوەندی نیوان قسەکەرو گویگری گوتار هەردوکیان پەیوەندی پیشویان بەلەیەکتر تیگەیشتنەوە هەیە (چونکە زمان زەمینەی لەیەکترتیگەیشتنی تیدایە) تیگەیشتن بەمانای ریکەوتنی نیوان بەشدارانی گوتارە؛ تیگەیشتن بەمانای "رەسمیناسینی نیوان بکەرەکانە". لەم ئاراستەیەدا، هەر لایەنیك بەپەرۆشەوە بۆ مەبەستی خۆی پەیوەندی دەکات بەسنورەکانی پەیوەندییەوە. بەبۆچونی

هابرماس، بەومانایە دیت کەپیکهاتەی زمان لەبناغەوە هیرومۆنتیکییە: دەرگیربونی هەردو لایەنی گوتارو پەیڤین پیویستی بەلیکۆلینەوەی هەموو ئاستەکان هەیەو، هەربەو شیوە پلەی خودناسی کەسەکان بالاتر دەبیت، چونکە ئەم خۆناسینە لەچالاکی ئالوگۆرکەری کەسەکانو لەگەڵ ئەوانیتردا پەیدا دەبیت. لەلای هابرماس، ئامانجی کۆتایی زمانیش هەر ئەوەیە، هەر بەو پییە زمان بەهۆی ئەلگۆی ریزمانەوە دەستی بەپەیوەندی دەکات. کارکردی راستینەی زمان، بەدیهینانی رەهەندی پەیوەندییە بەهەر شیوەیەك بیت؛ کاتیك کەپەیوەندی بەشیوەیەکی سیستماتیك بەئەنجام نەگات، کاربردی زمان شیوەیەکی نەخۆش وەردەگریت.

سەبارەت بەهۆشیاری ئاکاریی (ئەخلاقی)، هابرماس هەولدەدا ئەوەی بەناونیشانی قۆناغەکانی ئەخلاق (لەکۆلبرگ، پیاژە، میدو ئەوانیتر) وەریدەگریت، لەسەر (لۆجیکی ئالوگۆر) بنیاتی بنیت. ئامانجی ئەو پیشاندانی ئەوخالە بوو کەدیدگای ئەخلاقی لەسەر توخمیکی رەسەن لەپیکهاتی ئەزمونی ژیان بنیاتنراوە. "ئەوەی کەتیۆری ئەخلاقی بەئەنجامیدەگەیەنیتو پشتی پیدەبەستی، رۆشنکردنەوەی هەستەی (ناوکی) جیهانی ئەخلاقی ئیمەیە، هەر بەو پییەش رەواندنەوەی گومانە دەربارەی بەهاکان"[٥]. ئەگەرچی هابرماس مەبەستی لەوە نییە کەبەهۆی ئەم وتەیەوە بانگەوازی حەقیقەتی ئەخلاقی بکات، بەلام بەدرۆحستنەوەی ئەم خالە دژوارە کە"گومانکردن لەبەهاکان" بەچ شیوەیەك دەتوانیت پرسی ئەخلاقی بەدیبهینیت. لەم خالەش گرنگتر ئەوەیە کەخواستی "هەستەی جیهانی ئەخلاق" پەی بەجۆریك هەلویستی ئەخلاقی سەرەکی دەبات.

دلخوازی هابرماس دەستنیشانکردنی بیماریو بیهاوتایی سەرمایەداری مۆدیرنەیە. هابرماس لەم باسەدا بی بەهایی فەرهەنگ لەئەنجامی پشتیوانی لەرادەبەدەری عەقلانیەتی هونەریو ئامانجدار لەئاستی رژیمدا دیتەدیو، هابرماس ئەمە بەشیوەیەك لەنەخۆشی کۆمەلایەتی دادەنیت. بەشیوەیەکی گشتی، بەبروای ئەو، رەوشی بیماری ئەوکاتە پەیدادەبیت، کە لەکۆمەلدا بیهاوتایی – بەمانای توشبونی گشتی- پەیدابیت. لەم کاتەدا، مۆدیرنیتی، وەکو شیوەیەکی کۆمەلایەتی، فەرهەنگیو ئابوری، دەکەویتە بەرامبەر شکستو گۆران بەرەو هەلومەرجیکی تەواو نەخۆش. بۆ دەربازبون لەم ئەنجامە خراپانە، دەبیت سود لەلایەنی ریفۆرمیستی خودی مۆدیرنە وەربگرین، ئەو لایەنانەی کەبەبەکارهینانی عەقڵ سەرەتای بزوتنەوەی رۆشنگەرییان دەستپیکرد. هەروەکو چۆن پیویستیمان بەهیزەکانی ریفۆرم هەیە، هەر بەو شیوەش لیکۆلینەوەی زیاتری نیازەکانی جیهانی ژیان پیویست دەبیت. لەکاتیکدا هابرماس خۆی خەریکی چارەسەری ئەم رەهەندە دەبیت (پەیوەندیی نیوان ریفۆرمو نیازەکانی ژیان. و.ك)، ئەوانیتر لەفیکری ئەوەدان کەشیوازی پر بانگەوازی ئەو بەچ شیوەیەك دەتوانی کۆمەکی ئەو لیکۆلینەوە رۆشنە دلخوازە بکات.

لەلایەکی دیکەوە، هابرماس ئەوەی کەبەناوی "وتاری فەلسەفی مۆدیرنیتی" پیشنیاری دەکات، لیکدانەوەی ئەو کارەیە کەبیریارانی جیاواز لەو- هابرماس ئەوان بەهەلگەراوە لەمۆدیرنیتی دەناسیت " بۆ دەربازبون لەمۆدیرنیتی داوای بەهایەکی گرانتر دەکەن". ئەوەی کەهابرماس لەئادۆرنۆ، باتای، فۆکۆو دریدا دوردەخاتەوە، جیاوازی ئاشکرای ئەوانە لەپەسەندکردنی ئەو خالەی کەعەقڵ دەبیت خاوەنی مافەکانی خۆی بیتو، بەهەرحاڵ، رەخنەی ریشەیی ئەوان لەعەقڵ، ئەوەیە بەبی ئەوەی کەبزانن تا ئیستا بەمانای قەرزارکردنی عەقڵ بەئەنجامدەگات. هابرماس دەلیت، رەخنەگرانی مۆدیرنیتی زۆربەیان جیاوازی لەنیوان نامۆبونو ئازادی "کەمرەنگ" دەکەنەوە؛ بەکورتی ئەوەی کەئەوان بەئیمەی نالین ئەوەیە کە"ریگەی ئازادی لەکویوە تیپەر دەبیت". بەمجۆرە، هابرماس بەتایبەتی لەبانگەوازی هەندیك بیزار دەبیت- بەتایبەتی لای ئەوانەی کەبۆچونەکانی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر دەلینەوە- کەدەلین عەقڵو رۆشنگەری مۆدیرن هاوکاری بەدترین جۆری سەرکوتی سیاسی بون.

هەندیك لەبیریارانی گەورەی فەرەنسا، دیدگاکانی هابرماس رەخنەدەکەن. لەنیوان هابرماسو بیروباوەری بونیادگەراییو پۆستبونیادگەرایی (کەئەو فەیلەسوفە فەرەنسییانە سەر بەو برەن)، ژمارەیەك جیاوازی سەرەکی هەیە، کەئەمانەن:

یەکەم، رەخنەی ئەوان لەهابرماس سەبارەت بەکاریگەری سیستمی فەلسەفی هیگلەو، هەر لەویشەوە ئەو دەلیت مۆدیرنیتی لەگەڵ هیگلدا دەستپیکردووە، لەکاتیکدا لای فەرەنسیەکان مۆدیرنە پیش هیگڵو لەسەردەمی دیکارتو رۆسۆو تەنانەت هەندیك پییانوایە لەگەڵ کرسیتۆف کۆلۆمبسدا هاتۆتەدی. پاشان رەخنەی ئەوان لەکاریگەری ئەندیشەی مارکسە لەسەر هابرماسو، بەتایبەتی چەمکی کارو شۆرش (بەلام بەجیاو لیکدابراو، نەك هەردوکیان پیکەوە)و سەرەنجام رەخنەی ئەوان لەوەی کەبیروباوەری هابرماس پشتی بەئەندیشەی ئەم دوو فەیلەسوفە بەستووە. هەرچەندە ئەبەئاشکرا رایدەگەیەنیت کەریفۆرمی لەبیروباوەری ئەماندا بەدیهیناوە. لای بیریارانی فەرەنسی ئەوەی ئاشکرا نییە کەچ شیوەیەك بانگەوازی شمولیەتی جیهانو بەکارهینانی بیری ریفۆرمخوازی چۆن پیکەوە کۆدەبنەوە، چونکە بیری ریفۆرم هەمیشە بەرەو باریکی فیکریی ناجیگیرو گۆرانی بەردەوام، ئالوگۆر دەکاتو، لەباریکی ناسینی تایبەتیدا نامینیتەوە.

دووەم، هابرماس لەبەرئەوەی دیدگایەکی رۆشنی سەبارەت بەزانستی مۆدیرن نییە، بۆیە ناتوانیت ئەوە ببینیت کەزانست لەدوای ئاینشتاین، هاینزبرگو گۆدیل بەو ئاسانییە تارادەی پەیوەندی تەواو تەکنیکی یان پۆزەتیڤیستی کەمناکریتەوەو ئاراستە ناکریت. (واتە لەدوای ئەم زانایانە زانست دەتوانیت کاری پەیوەندیدارو ئازادیخواز لەخۆیدا پەیدابکات. و.ك) لەگەڵ ناسینی مەبەستی هابرماس بۆ بەهانەکانو کاریگەری بیماری کۆمەڵ، ئەو دەتوانیت لەبەرهەمەکانی جۆرج کانگیم(دەربارەی بەهانەو بیماری)سود وەربگریت. لەم بەرهەمەدا ئەوە دەبینین کەچۆن میژوی زانست دەتوانیت رەهەندی نیازمەندی ژیانی مرۆڤ پەسەندبکات.

سییەم، سەرەرای کۆششەکانی هابرماس بۆ بنیاتنانی تیۆریکی گشتی دەربارەی توانای زمانو پەیوەندی نەشیواو لەئاستی جیهانی ژیان، روکەردی ئەو بۆ زمانو لەم مەبەستانەدا بەو پیشمەرجانە پشتدەبەستیت، کەزماننناسو نیشانەناس، ئەو بۆچونانە دەخەنە ژیر پرسیارەوە. ئەگەرچی ژمارەیەك لەلیکۆلەران ئاماژە بەوە دەکەن کەتیۆری هابرماس زمانیکی شاعیرانەی لەخۆنەگرتوە، بەلام خالیك دەبیتە مایەی رەخنە لەم تیۆرەیە، ئەویش ئەوەیە هابرماس بۆ ئەم تیۆرە زیاد لەپیویست زمان کەمدەکاتەوە تارادەی هۆکاری پەیوەندی، بەزاراوەی خودی خۆی، لیکدانەوەیەکی ئامیری یان ئامانجدار بۆ زمان ئەنجامدەدات. ئەگەرچی وەلامی هابرماسیش ئەوەبیت کەئەم خالە ئەنجامی ناخواستەی تیۆرەکەی بیت، بەلام دەبیت ئەو بتوانیت لەبناغەدا، گونجان بەدیبهینیت( لەنیوان پەیوەندیو ئامیربوندا). دیسان ئەو کیشەیە دەمینیتەوە کەبەهابرماس زمان بەکۆمەکی ئالگۆی ئەنجامداری نیوان نیرەرو وەرگر، پیویستی بەلیکدابرانو شیکردنەوە هەیە. بۆ نمونە، لەتیۆری کرداری پەیوەندیداردا، هابرماس زیاتر ئەو خالە شیدەکاتەوە کە"پەیوەندی پراگماتیکی" لەگەل "بکەر- جیهان"ـەکانی (actor- worid) بەرکار objective، کۆمەلایەتی، چ مانەیەك دەدات، "بۆ قسەکەریك کەیەکیك لەگفتەکانی (یان چالاکییە وتارییەکانی) بەشیوەیەکی ستاندار جیبەجیدەکات"[٦]. هابرماس بەبەکارهینانی ئەلگۆی گویندەو گویگر ئامانجی زمان دیاریدەکات، بەشیوەیەك کەهەردو قسەکەر- گویگر لەکرداردا لەپیش زمانەوەن، لەکاتیکدا دەتوانین کەئەم دوانە (لەلای هابرماس دوانن نەك سیان، واتە قسەکەر، گویگرو زمان) خودی زمان پیکدەهینن. هەربۆیە هەمان رادە کەکارکەرانی زمان بەهۆی زمانەوە دەدوینو زمانیش لەواندا قسەدەکات. بەپیچەوانەی چەمکی بکەری گۆراو (سیال)ی جولیا کریستیڤا، ئەلگۆی ئامانجدار بەهۆی گوتاری ستانداردەوە — هەتا ئەگەر بەتەواوی پەیداش نەبیت- هەر بەشیوەیەکی پەنهان (کامن) کاردەکات. گرنگ ئەوەیە هەولی ئەوەبدەین کەلەمانای کرانەوەی گۆراو (سیال) کەپەنهانە، تیبگەینو لەگەلیدا بەردەوام بین لەگۆرینی تیگەیشتنمان.

بەمجۆرە، سەرەرای بونی پەیوەندیی، بەلام لای هابرماس ئامانجی زمان دیسان هەر شەفاف بونە (واتە دەبیت زمان شتیکی دیکەش، جگە لەخۆی، پیشاندەدات). ئاشکرایە کەتەواوی بەرهەمی ئەدەبیو داستانی بەرجەستەکەری زمانن، ئەمانە، لەبناغەدا بەدەگمەن تەواو شەفاف دەبن (واتە وەکو ئاوینەیان لیبیت). بەرهەمی داخراو (کەتەنها خۆی، نەك ئەوانیدیکەش، پیشاندەدات. و.ف) زیاتر نمونەکانی حالەتی شکلگیری زمان پیشاندەدەن، زمان دەبیتە شیوەیەك، نەك ناوەرۆکیك.

یەکیك لەدژوارییە گرنگەکانی پەسەندکردنی بیری هابرماس، فشاری ئەوە لەسەر ئەو ئەگەرەی کەدەلیت بکەری گشتیو تەواو (کامل) کەتارادەیەك نەگۆرو لەگەل خۆدا یەکسان، بونی هەیە. بونی ئەم بکەرە لەلای هابرماس بەهۆی پەیرەوی ئەو لەدیاردەناسان- بەسەر بونی ئاگایی لە"جیهانی ژیان"و، هەر بەو شیوەیەش، نەهیشتنی راناوی (جیناو) ناخودئاگا (ناخۆ هۆشیارکەر) یان رەفتاری خۆنوینەر، راستدەبیت. ئەم سەرنجە تەنها رەخنەیەکی فەلسەفی نییە، کەوەکو شیوەیەکی تایبەتی لەبەیانی نوسیندا پەیداببیت. هەر لەم روانگەیەوەو بەو پیپەی کەدەکەویتە ژیر کاریگەری هیگل، سەبارەت بەمۆدیرنیتی دەلیت: "مۆدیرنیتی کە بەبی هیچ ئەگەرو گومانیك خۆی پەسەند دەکات، هەمان کار، کەهەستیاری خودئاگاییو زانایی هەولەکانی بۆ — ناساندنی ناوەرۆکی خۆی- بەبی وەستان تاکاتی ئیمە بەردەوامە، رۆشنتر دەبیتەوە"[٧]. لیرەدا بونیکی دەرونی (بی ئەگەرو گومانو هۆکاری دیکە. و.ك) بەمۆدیرنیتی دەبەخشیت، لای هابرماس مۆدیرنە ناسنامەیەکی چونیەكو بەتەواوی رۆشنی هەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستە، کیشە لەوەدا نییە کەلەگەل هابرماسدا پی لەسەر ئەوە دابگرین کەچەمکی بکەری چەقنەبەستو پەسەند بکەین، کەئەو ئەم چەمکە پەسەند ناکات، بەلکو مەبەست لەوەیە کەدەربازکردنی مۆدیرنیتی - یان زمان، زانست یان بکەرەکان لەدەستی ئالۆزی شیوەی یەکبون یان بی گومان، کاریکی نادروستە ( چونکە ئەم ئالۆزییە لەراستیدا بونی هەیە. و.ف).

## پەراویزەکان:


1- Jurgen habermas , The Theory of Communicative Action, Volume 2. Boston Press. 1987. P. 333.

لاپەرەکانی ٩٧- ١٥٣ی بەشی شەشەم لەبابەتی دوەم، باسیکی گشتییە سەبارەت بەچەمکی جودایی سیستم لەجیهانی ژیان.

2- Jurgen Habermas , The Philosophical discourse of modernity. Cambridge press. 1987.p.4.

3- Jurgen Habremas. سەرچاوەی ژمارەیەك

4- Ibid. P. 120.

5- Jurgen Habermas , moral Consiouseness and Communicatve Action. Cambridge press. 1990.p.211.

6- Habermas , The Theory of Communicative Action. P.120.

7- Haberma , The Philosophical discourse of modernity.p.7.


## سەرچاوە:


ینجاه متفکر بزرگ معاصر

(از ساختگرایی تا پسامدرنیته / ترجمە، محسن حکیمی/ تهران ١٣٧٧/ انتشارات جستە)